# تێک گەڕان

نیگار نادر

کانیەکم داوەستاووم لە عەشقی تۆ
بەسەری تۆ ڕۆژ لەڕۆژێ ڕوونتر
ڕۆژ لە رۆژێ گەرمتر
تێتدا هەڵدەقوڵێم و چاوەم لێ دەبنەوە

ئەگەر ڕۆژێ بەسەدان رێبوار
بینم پێوەنێنن
دڵنیابە هەر خۆشاوی تۆ لەمندا دەخۆنەوە

بەچاوی تۆ
هەر ڕۆژەی  لەبن بەردی چیایەکت
لەژێر ڕەگی درەختێکت
سەر دەردێنمەوە
وادەم داوێی  ئەمن و ئەتۆ کوردوستانینن
هەتا هەین لێک جوێناکرێینەوە

سەد جەلی دی مینایەکەیی دڵم بشکێنن
ئاوور لەدار سێوانم بەردەن
چاوەو کانیاوام قوڕپەستێوکەن
پاش سەدساڵی دەدیش
هەر دەتۆدا هەڵدەقولێمەوە

بەهەزاران کانیلەی وەکی من لەتۆ
هەڵدەڕژێن و شۆڕدەبنەوە
تا دونیاش ماوە نەووشک دەکەن
نەکوێردەبنەوەو

لەڕەگمڕا دەرمکێشن وەمڕوتێنن
کێومالْم کەن ڕامتەکێنن
دامخرمێنن
پێیان لێک هەڵاوێرد نابینەوە
لەخۆم نەبێ کەس نازانی
لەکوێم دایی و
لەکوێندەرێت دا دەلەرێمەوە.

2004/11/20
لەندەن